کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-12-2006 12:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# راپۆرتێک لەنێو بەرهەمهێنەرانی فیلمی رووت لەکوردستان! ... مەریوان مەسعود

Mariwan77@maktoob. com

تەمەنیان هەر لەنێوان 14بۆ 18ساڵ دەبوو کاتێك یەك لەدوای یەك پڕ بەبازاڕی دارەسووتاوەکە هاواریان دەکرد " وەرنەوە بۆ بابەتی شەو"، " بابەتی تورکی و ئەجنەبیمان لایە". جار جارەش دەیانوت فیلمی رۆمانسیمان لایە.



لاوك مەعروف کە لەپۆلی دووی ناوەندی وازی لەخوێندن هێنابوو، وتی " بەیانیان لەماڵەوە دێمە دەرەوە باوکم و دایکم دەزانن سیدی دەفرۆشم بەڵام نازانن کام جۆرەیە، گرنگ ئەوەیە ئێواران رۆژانەیەکم دەست بکەوێت، دواتر بەراستی ناوەڕۆکی زۆربەی فیلمەکان نازانم چییە، بەڵام کەلای دوکانی سیدی فرۆشەکان دەماندەنێ دەڵێن ئەمە فیلمەو باس لەوە دەکات".

هەر لەگوزەری دارەسووتاوەکەی سلێمانی لەو شوێنەی کە کۆمەڵێك کۆشکی سیدی فرۆشتن و مۆبایلی لێیە یەکێکیترمان لەو گەنجانە هێنایە قسەو لێمان پرسی هەست ناکەیت ئەو پارەیەی لەم کارە دەستت دەکەوێ وەکو دەڵێن حەرام بێت؟دواتر ئەم فیلمانە کامانەن کە تۆ دەیفرۆشی؟، لەوەڵامدا ئامانجی 19ساڵ وتی " ئەگەر بۆ حەرامی بێت، ئەوە هەموو سیدییەك حەرامە، ئەم فیلمانەی من دەیفرۆشم جیاوازی چییە لەگەڵ سیدی گۆرانی و رەقیێکان، هەمووی وەکو یەکە، بۆ جۆرەکانیش بەراستی فیلمی رووت و سێکسی زۆر رەواجی هەیە لەبازاڕ جگە لەمەش هەموو سیدییەکی فیلم لەبازاڕ بە 1500دینارە، بەڵام ئەم رووتانە لە 2500هەزار بۆ 3000دینارەو قازانجی زیاترە، دیارە ئێمەش موشتەری خۆمان هەیە کە داوای فیلمی نوێمان لێدەکەن".

لەوەڵامی ئەوەی کە ئاخۆ ئەو کەسانەی ئەم فیلمانە دەکڕن لەچ تەمەنێکن و کێن، ئامانج وتی " زۆربەیان لە من گەورەترن، جاراِ موشتەریەکم هەیە هەموو دوو رۆژ جارێك دێت سیدییەکم لێدەکڕی لەتەمەنی باوکم دەبێت، تەنانەت ژمارەی مۆبایلەکەشی لاداناوم".

شۆفێرە تورییەکان و سێکس لە هەولێر

لەساڵانی سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، بەتایبەت لە قۆناغی راپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، لەهەولێر دیاردەیەکی سەیر پەیدابوو ئەویش فرۆشتنی وێنەو گۆڤاری نیمچە رووت و تەواو رووتبوو، کە ئەم کارەش چەند کەسێك دەیانکرد، بەتایبەت کە خەڵکی ئاسایی نەیدەوێرا ئەم کارە بکات، نەك لەترسی بەرەی کوردستانی و ئاسایش، بەڵکو لەبەر ئەوەی کارەکە شەرمەزارترین و ناپەسەندترین ئیش بوو لەشارەکە، بۆیە چەند کەسێکی دیار دەیان فرۆشت لە بازاڕی (دەلاڵخانە)، لەبیرمە گەنجی ئەم هەولێرە رووی لەو شوێنە دەکرد و کە یەکتریشیان دەبینی هەموویان دەیانوت " بەسودفە هاتووین بۆئێرە" واتە هەموویان راستییەکانیان لەیەکتر دەشاردەوە، لەوەش سەیرتر ئەوەبوو کە دەیانوت ئەم گۆڤارو وێنانە بە نهێنی شۆفێرە تورکییەکان دەیهێنن، بۆیە نرخەکەی زۆر گرانە.

دڵی گەنجێکم نیگەران کرد

دوای دووسەعات چاوەڕوانی بەدیار ئەم گەنجانەی کە وەکو خۆیان دەڵێن (بابەتی شەویان) دەفرۆشێت، کەبەراستی من خۆم چەندین ساڵە دەنووسم و دڵنیاشم ئێوە هەمان بۆچوونتان هەیە هەرگیز زاراوەیەکی جوانی وەکو (بابەتی شەو) م بەخەیاڵدا نەهاتووە، کە مەبەست لێی فرۆشتنی فیلمی رووتە

یان سێکسی، بۆیە دوای دووسەعات موشتەرییەك هات کە کوڕێك بوو تەمەنی 26ساڵان بوو، کە رازی نەبوو نەناوەکەی نەپیشەکەی بڵێت بەڵام وتی" لەهەموو دونیا ئازادی هەیە بۆ هەموو شتێك، رابوردن لەگەڵ ئافرەت و شتی زۆر خراپتریش کەچی ئێمە فیلم دەکڕین ئێوە پێتان وایە تاوانە، یان پۆلیس نایەڵێت بیفرۆشن بەئاشکرا، بۆیە وەکو دەستگێڕی دەیفرۆشن، دواتر زیانی بۆ کەس نییە من پارەی خۆمی پێدەدەم و لەماڵی خۆم لەژوورێکی بە تۆپ و قفل داخراو سەیری دەکەم، ئیتر زیانی چییە بۆ ئێوە"، دیارەلەکۆتاییدا ئەم کوڕە زانیم کە دوکاندارە لە بازاڕ، هەرچەندە بە پرسیارەکەی ئێمە زۆر دڵنیگەرانبوو، ئەم رۆژەی سیدی هەر نەکڕی لەداخی ئێمە.

دواتر لە گوزەری مەزاتخانەکەی سلێمانی لەجادەی کاوە، هەنگاو نورەدین-مان دواند کە ماوەیەك دوکانی سیدی فرۆشتنی هەبووەو ئێستا مامەڵەی هاندی مۆبایل دەکات وتی " ئێوە ئاگاتان لەهیچ نییە، چونکە سیدی خێری نەماوە بەڵکو خێرەکە لە مۆبایلە ئێستا، تا دوو سیدی فیلمی رووت دەفرۆشیت بە هەزار ترس و لەرز، بەڵام چەندین فیلم و دیمەنی راستی هەیە کە بە ڤیدیۆی مۆبیل گیراوەو ئێمەش دەیفرۆشینەوە بە خەڵك کە لەماوەی یەك دەقیقەدا فیلمێکی کامل دەگوازینەوە ناو هاندەکان، ئەو دیمەنانەی راستیەشە زۆربەیان تەڵەبەی کوڕو کچن لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کە وێنەی شوێنی رووتی کچەکانی پێگیراوەو لە مۆبایلەکان دزراوە".

هەنگاو دیاربوو لە کارەکەی ئێستای زۆر رازی بوو چونکە هەر دەمێکی پێدەچوو دەیوت ئیشی هاند و مۆبایل زۆر خۆشەو پاکەو شتی لەو بابەتەکە، هێندەی نەبرد کوڕێکی گەنج هاتە لای و پێی وت چی تازەمان هەیە؟، هەنگاویش لەوەڵامدا وتی "بەڵی فیلمێکی فەڕەنسی هاتووە سەعاتێکەو هەمووی بەدڵی تۆیە". دواجار هەنگاو ئەوەشی نەشاردەوە کە لەوانەیە ئەم فیلمانە زیانی هەبێت، بەڵام وتیشی قازانجی زیاترە چونکە گەنجان دەپارێزت لە شتی خراپ و ئەملاوئەولا، بەڵکو ئەمە تەنها بۆ تێرکردنی شەهوەتی خۆیانەو هیچیتر.

لە راپۆرتەدا پێچەوانەی هەموو راپۆرتێکیتر کە ئێوەو ئێمە پێی ئاشناییین پێمان باش نەبوو کەس لە لایەنە بەرپرس و پسپۆڕانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی بدوێنین، چونکە ئەم دیاردەیە زۆر لەوە گەورەترە کە یەکێك ئەمانەی باسمان کرد بتوانن لەچوارچێوەی ئەم راپۆرتە جێگایان ببێتەوە، بۆیە بە وتنی راستیەك کۆتایی پێدێنین ئەویش ئەوەیە کە شارەکانی کوردستان پێش ئەوەی فیلمەکان بگاتە ناوەندی بڵاوکردنەوەکان لەجیهان ئەوان نوسخەی کۆپی کراویان پێدەگات و بڵاوی دەکەنەوە بۆیە راستیان وتووە کە فیلمی نوێیان لایە، چونکە بەراستی بوونەتە بەرهەمهێنەری فیلمی رووت لەکوردستان بەڵام بەشێوەیەکی نایاسایی.